# ئەوانەیبەشداری ناکەن لە هەلبژاردنەکانی نۆهەمین خولی سەرۆك کوماری لە ئێران چ کەسانێکن؟

ریزی بەشداری نەکردنی کەس ولایەنەکان لە نوهەمین خولی سەروك کوماری ئیسلامی دا زور بەرین وبەربلاوە.ئەم ریزە بە تەنها ئەوکەس ولایەنانە لە بەر ناگرێت کە ئاواتیان روخاندنی کۆماری ئیسلامیە و چاوەروانی ئەو روژە دەکەن. ئەم ریزە بە تەنها ئەو کەسانەنین کە سالەها بە هوی ئەوەی کە پیشەکەیان یان کوپینی خواردەمەنیان لە دەست نەدەن یان موری دژی شورشیان لی نەدەن ،دەنگەکانیان دەخستە نێو صندوقی دەنگدانەوە تەنها لەبەر ئەوەی کە ناسنامەکانیان موری هەلبژاردنی پیوە بیت.ئەمە ریزی ئەو کەسانە نیە کە ئاسەواری ئەشکەنجە بە سەر جەستەیانەوە دیارەو سالەها لە زیندان دابوون یان لە ئەندامانی بنەمالەکەیان ئیعدام کراون.ئەمە ریزی ژنان و لاوانیك نیە کە سالەها لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردوە بەوبونەو وەبەر ئازار وئەشکەنجە وزیندان کەوتون،ئەمە بە تەنها ریزی ئوپوزسیونێك نیە کە خوازیاری روخاندنی کۆماری ئیسلامیە.

ئەم بەشە لە هێز و لایەنانە کۆماری ئیسلامی بە رەسمیت ناناسن تاکوو لە هەلبژاردنە کەیدا بەشداری بکەن.خەلکی ئێران و هێز ولایەنە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان خوازیاری لە ناوچونی کۆماری ئیسلامین بە هەموو سپا و ئەرتش و مەجلیس وشورای نگابان.......یەوە.

ریزی نویی ئەو لایەنانە کە بەشداری لە هەلبژاردنەکاندا ناکەن.ئەوکەسانەن کە تەحریمی هەلبژاردنەکانی نۆهەمین خولی سەروك کۆماری دەکەن.....

حەفتەمین و هەشتەمین خولی سەروك كومّاری بەشداریان كردووە.زۆربەی ئەم كەس و لایەنە نوّی یانە لە هێزكانی ئەنجومەنی ئیسلامین كە دەستیان بە خوینی هێزە چەپ و پێشكەوتن خوازەكان سورە، هێزەكانی ئەمربەمەعروف ونەهی لە مونكەر بوون،سپای بوون ،ئیتلاعاتی بوون،وەكووجەلالی پور كە وەكو پارێزگاری كوردستان لە قەتڵ وعامی خەڵكدا هیچ سنوورێكی نەدەناسی.زیندانەوان و قامچی بە دستی كۆماری ئیسلامی بوون لەنێویاندا ئەشكەنجەگەریش دەبینرێت.ئەمانە حزب و ریكخراوەكانی دوی خوردادین، وەكوو حزبی توودە و ئەكسەریەت و كۆماری خوازەكانی ...ناوەوە دەرەوەی كۆماری ئیسلامین كە بۆ بەشداری لە هەلبژاردنەكانی كۆماری ئیسلامیدا و دەنگ دان بە چەند قاتڵ و ئەشكنجە گەرێك دەست و پێی خۆیانیان نەدەناسی.لەبەرابەر هەر جۆرە ئیعتراز و نارەزایەتیك ریگای سوكایەتی و گوشت و بریان دەگرتە بەر.ئەمانە ئەنجومەنە ئیسلامی و تەحكیمی وەحدەتیەكانی كە میژویان پرە لە رەشەكوژی و ئیعدام و ترۆر و جنایەت.ئەوانەن كە هێرشیان دەبردە سەر خویندكارانی زانكۆكان.رەنگە ئەگەر خاڵخاڵیش زیندو بوایەت ئیستا بەشداری لەو هەڵبژاردنە دا نەكرد بایەت.ئەگەر نەشیاو بوونی موعین وەر نە گیرابایەتەوە لەوانەیە سەرۆك كومّارو وەزیری ئیتلاعاتیش هەڵبژاردن یان تەحریم بكردایەت.بەلام ئەمانە نەیاری گاڵەتەجارانەی نۆهەمین خولی هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كومّارین.ئەمانە نەیاری كومّاری ئیسلامی نین.

رێزی نەیارانی كومّاری ئیسلامی،رێزی ئەوانەی كە خوازیاری روخاندنی كومّاری ئیسلامین نە كومّاری ئیسلامی بە رەسمیەت دەناسن و نە هەڵبژاردنەكانی، ئەوانە و زوربەی جەماوری ئیران

**خوازیـاری روخانـدنی کومـاری ئیسـلامی و دامەزرانـدنی ئـازادی و یەکسانین.لـە گاڵتـە جاری هەڵبـژاردنی سـەروك کوماریـدا.ئەنجومەنـە ئیسلامیەکان و تەحکیم وەحدەنیەکانیش هاتنە نێو ریـزی بەشداری نەکردنی هەڵبژاردنەکانەوە.**

**بە نارەزایەتی و خۆپیشـاندان رای دەگەیـەنن کە لـە مـافی ئەوانـەی کـە شـیاویەتیان بـۆ خۆپـالاوتن رەدکراوەتـەوە پشـتیوانی دەکـەن و لـە موستەفای مـوعین نوێنـەری خومـەینی لـە سـتادی شـورای شورشـی فەرهــەنگی و یــەکێك لــە ســەرکوتگرانی خوینــدکارانی زانکــۆ لــە ساڵەکانی 59 و دەیەی 60 تدا پشتیوانی دەکەن و داوای لـێ دەکـەن کـە بـە قـەبول نـەکردنی بریـاری خامنـەای و رەدی تائیـدی دوبـارەی شیاویەتی شورای نگابان لە خۆپالاوتن بکیشیتەوە.ئەمانـە بەشـداری لـە هەڵبـژاردن ناکەن،بـە رەدەی سـەلاحیەت نارازین،لـە مـافی ئەوانـە پشـتیوانی دەکـەن.لـە یاسـای بنـەڕەتی لـە بەرابـەر ئیختیـارایی بـێ سنووری وەلی فەقیدا بـەرگری دەکـەن و خـەڵکی ئێـران کە خوازیـاری تێك روخانی کومـاری ئیسـلامین،ئەم ریـزە نوێ وبـەربلاوە لـە تـەحریم کردنـی هەڵبژاردنـەکان و نارەزایـەتی ئـەوان بـە بەشـێك لـە کومـاری ئیسـلامی بـە فاکتـەرێکی تـر بـوو لـە نـاو چـوونی بێ ئـەم لاو ئـەولای کوماری ئیسلامی دەزانن .**

**لە وەرگێرانی: مەجید مارابی**